www.kurdistannet.org
18/04/2002 00:07

# (له یادی دوو رابەری رێگای ئازادی دا)

ناڵە حەسەن

چوار ساڵ لەمەوبەر لە کاتیکدا لە گەڵ کۆنەپەرستانی ئیسلامی لە ململانێیەکی تووندا بووین. بە دژی ئەو کارە رەزیلانەیەی کە هەمیشە دەستیان بۆ بردووە و کردوویانە بە پیشەی خۆیان.ئەدگار و شێوە و پێکهاتەیان لەم کارەدا بە روونی دەدرەوشسێتەوە.ئەویش فتوا ی کوشتنی مرۆڤی عیلمانی و پێشکەوتنخوازە، مرۆڤی نارازی بە ئاین و قورئان و پێغەمبەرەکانیان فەرهەنگ و داب و نەریتە ئەشکەوتی‌یەکانیان. ئەگەر لاپەرە رەشەکانی مێژووی ئەم مرۆڤە بەربەریانە هەڵدەینەوە دەبینین کاری لەم چەشنەیان هیندە زۆرە لە ژماردن نایەن..

وا راهاتوون وەك چۆن شەمشەمەکوێرە عاشقی شەوە زەنگ و کونجە تاریکەکانە ئاواهیش هەرکەسێکی بیر و بۆ چوونی جیاواز بێت و هەڵگری پەیامێکی پێشکەتنخوازانە بێت و ماتریالیستانە بیر بکاتەوە و باوەری بە گۆران هەبێت و رەخنە لە بیر و باوەرەکانیان و راسپاردە خورافیە ئاسمانیەکانیان بگرێت، دەبێت بە چەك وەڵامی بدەنەوە و بە قەولی خۆیان رەوانەی (دۆزەخی) بکەن...!

ئاخر ئەوان بە پشت بەستن بە قورئانێکی ( (بە دەست نوسراوی) ) زیاتر لە ١٤٠٠ساڵ لە مەوبەر چۆن دەتوانن بچنە نێو کۆر و کۆبوونەوە و دیالۆگ و ململانێی فکری و شەری بیری داهێنان و پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنەلۆژیا بکەن !!؟؟

بەڵێ، چوار ساڵ لەمەوبەر گەندەیەکی کۆنە بەعسی بە ناوی (مەلا بەشیر) لە خوتبەیەکی رۆژی هەینی لە شاری هەولێردا، فتوای کوشتنی ژنانی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانی‌دا، بە بیانووی ئەوەی لە یەکێك لە ژمارەکانی رۆژنامەی یەکسانی بابەتێك بلاو کرابۆوە رەخنەی لە ئاینی ئیسلام و محەمەد و قورئانەکەیان گرتبوو. ئێمەش وەکوو کۆمۆنیستەکان. لە بەرامبەر ئەم فتوایە نامرۆڤانەیە هاتینە وەلاّم بە بەیاننامە و بە چەندین نووسینی جۆراوجۆر وەلاّممان دانەوە. لە درێژەی ئەم ململانێ‌یەدا بریار وابوو ئێمە و مەلای گەندە لە تەلەفزیۆنی گولاّن لە بەرنامەیەکی تایبەتدا لە سەر یەك مێز دیالۆگی فکری بکەین و لە بەردەم کۆمەڵگەدا وەلاّم بە یەکتری بدەینەوە. ئەم دیالۆگە فکری‌یە لە سەر ئاستی کۆمەڵدا راگەیەندرا. بەلاّم چەند سعاتێك بەر لە پێشکەش کردنی بەرنامەکە مەلای ناوبراو پاشگەز بۆوە و جورئەتی هاتنی لە خۆی نیشان نەدا. ئەم شەوە بە دەیان و سەدان تەلەفۆن بۆ تەلەفزیۆنی گولاّن کرا بۆ دواکەوتن و پێشکەش نەکردنی بەرنامەکە، تەلەفزیۆنی گولاّنیش بە ناچاری داوای لێبوردنی لە خەڵکەکە کرد.

ئیسلامی‌یەکانیش بۆ قەرەبووی ئەم شکستەیان هەر دوای یەك دوو رۆژ.

لە بەرواری ١٨،٤،١٩٩٨ هێرشیان کردە سەر بنکەی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و بنکەی یەکێتی بێکاران لە هەولێر، لە ئاکامدا دوو هاورێی خۆشەویست دوو رابەری کۆمۆنیستیان تیرۆر کرد. ئم دوو ئازیزەش (شاپوور عەبدولقادر وقابیل عادل) بوون.

ئەم دوو مرۆڤە دڵ پر لە هیوایەی رێگای دنیایەکی باشتر. خۆشەویست و ئازیزی ئاوارەکان و بێ خانە و لانەکانی کەرکووك بوون، دوو رێبواری ماندوو نەناسی رێگای ئازادی و سەرفرازی بوون.لە هەموو

**نارەزایەتییەکان و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئاوارە و بێکار و هەژار و بەشمەینەتانی ناو شاری هەولێر لە ریزی پێشەوە بوون. دوو مرۆڤی چاو نەترس و بە جەربەزە لە مەیدانی تێکۆشان و کۆڕی خەبات.**

**ئەی هاوڕێیانی ئازیز و خۆشەویستم : یادتان لە نێو دڵ و دەروونمدا ئەستێرەیەکی گەش و بەهارێکی هەمیشە سەوز و مۆمێکی داگیرساوە.**

**بەڵێن بێت بەو ئاسۆیەی کە لە نێو چاوەکانتان ئەو دنیایەی تیا دەبینرا کە لە وێندەرێ مرۆڤەکان هەموویان خۆشەویستی یەکترینە و ئازادی و یەکسانی و خۆشبەختی میوانی هەموو ماڵێکە.بەڵێن بێت هاورێکانم هەتا مابم بە هەموو توانای قەڵەمەکەم لەگەڵ کۆنەپەرستیدا بجەنگم و بۆ بەدیهێنانی ئومێدەکانی دڵی ئێوە سروودە گەرمەکانی نێو رەنگە جوانەکانی ئازادیتان بۆ بڵێمەوە.**

**هەناسەکانم بەرێزە گیان بازیتان...!**

**٢٠٠٢،٤،١٧**

**کەنەدا**

©Kurdistan Net